# کلاوەکەم و کلیپی کوردی و حەفت بەرمیل نەوت

**رزگار کۆچەر**

تا بەرمیلێك نەوتم بە دووسە دوو و حەفتا هەزار کری هەردوو چاوم چوە پشتی سەرم , دوو سەدوو حەفتاهەزاریش واتا سێ بەشی راتبەکەم بەقسە خۆشە بۆ کەسێك یان مامۆستایەك راتبەکەی 120 هەزار دینار بێت , کەچی لە مەسدەرێکی باورپێکراو زانیم کە یەکێ لەبەرپرسانی ئەم وڵاتە بەدوایەکی رسمی داوای حەفت بەرمیل نەوتی کردبوو بۆ گەرم کردنەوەی ماڵ ودیوەخانەکەی , جا ئەوە گوتمان من راتبەم هەبوو تابرمیلێك نەوتم کری , ئەی پورە سوڵتانی دراوسێمان چی بکات ؟؟؟ چۆن ئەو خانوە ساردوو سرە گەرم بکاتەوە کە تەنها لەپاش شەهید بوونی کورە تاقانەکەی بۆی جێ ما , ئەو شەوە پورە سولتان لەماڵمان بوو , منیش دەم نادەمێك لەگەڵ هاورێیەکەم لە مۆبیل باسی کلیپ و گۆرانی کوردیمان دەکرد , جار ناجاریش بە لایەکی چاوم سەیرێکی پورە سوڵتانم دەکرد ئەو کاتە دەم زانی پورە سوڵتان خوای لێم نەماوە و بەهەر حال پاش کۆتای پەیوەندی تەلەفۆنەکە پورە سولتان پێمی گوت پێم ناڵێی کورم ملیپ چیە ؟؟؟

منیش گوتم پورێ کلیپ نەوەك ملیپ , جا ئەو کاتە وەك بلێی دەمم تەڵەی تێدا تەقیبێت و نەم توانی یەك وەلامی بچوکی پورە سوڵتان بدەمەوە , بەڵام دوای بۆم دەرکەوت پارەی ئەو حکومەتەی خۆمان بەشێکی زۆری بۆ کلیپ و کلیپ کاری سەرف دەکرێت بۆنمونە زانیم دواین گۆرانی خانمە گۆرانی بێژێك کە بریارە لەگەڵ هونەرمەندێکی میسری عەرەبی بکرێت نزیکەی چەند دەفتەرێکی تێ چوە , بێجگە لەوەش رۆژانە دەبیستم کە فلانە گۆرانی بێژ ئەوندە دەفتەرەی وەرگرت و فلانە گۆرانی بێژ ئەوندەی تری وەرگرت , جا نازانم بۆ ئەم هەموو دەفتەر دۆلارە لە شتێکی تر سەرف نەکان باشتر نیە ؟؟؟ باشتر نیە بەم زستانە چەند بەرمیل نەوتێك بۆ چەند ماڵە هەژارێك بکردرێت کە دڵنیام تا لە ژیان ماون سەری زاریان وبنی زاریان دوعاکردن دەبێت بۆ حکومەت , لێرەش ئەو ماڵە هەژارانە وەك هەندێ لەم هونەرمەندانە نابن کە تا پێیان بکرێت پارە لە حکومەت وەردەگرن کەچی هەرکە رەنجان یان بەرهەمە ستۆکەکەیان باش نەفرۆشا یان بە پێنج سەد دینار هەراج کرا هەر لە خۆیانەوە دادەبەزنە سەر حکومەت و دەبنە دوژمنی ئەو حکومەتە و لە بیریان دەچێت کە حکومەت چەندین دەفتەری پێ داون تا کارێکی هونەری بکەن ! ! !

دیارە پەیوەندی نەفت و کلیپ وەك پەیوەندی کلاوەکەی من و بەرنامەی بەلێ ی زاگرۆس تیڤیە هەرچەندە من لەوتەی هەم پرچم لە داخی جاش و پیاوی بەعسی و خۆفرۆش

وپێشمەرگەی گەندەل وەك ئەرزەی بێ بارانی لێهاتوە , بۆیە هەرچی کلاوی لەنگەکەی لای خۆمان هەیە لەسەر دەکەم تا جاش و کۆنە بەعسیەکان پێمان خۆش نەبن و نەلێن وەلا پیرمان کرد, کەچی ئەو رۆژە پیاوێك هەر لە خۆیەوە لە پێش مەچکۆ پێشی گرتم وگوتی ئەری کاکە پێمٚ نالیی تۆ ئەو دایك کورەت لە کێ هێنا ...ئەو بەردەوام بوو لەقسەکردن گوتی ئەگەر پارەی تێدایە ئەوا منیش کورێکم هەیە حەز دەکەی بیکە برای خۆت خەمت نەبێت هیچ پرۆڤەی ناوێت .... منیش گوتم کاکە تۆ هەلەیت من نیم ؟؟ کابرا گوتی ئەوەی زاگرۆس تیڤی تۆ نیت ؟؟؟منیش گوتم کاکە گیان ئەوە من نیم ...ئەو گوتی ئا باورکە وام زانی تۆی منیش گوتم بۆ بەم برادەرە دەچم ؟؟ کابرا گوتی ناوەلا بەس ئەویش وەك تۆ کلاوێکی لەسەرە ببورە وام زانی ئەویت ...